ئەوەی سپاردە نەپارێزێت؛ باوەڕی نییە، وئەوەی پەیمان بشکێنێت؛ ئاینی نییە

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: هەرکاتێك پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- وتاری بۆمان بدایە، دەیفەرموو: «ئەوەی سپاردە نەپارێزێت؛ باوەڕی نییە، وئەوەی پەیمان بشکێنێت؛ ئاینی نییە».
[حسن لغيره] [(أحمد) ڕیوایەتی کردووە]

ئەنەسی کوڕی مالیك -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- زۆرجار ئەگەر وتاری بدایە یان ئامۆژگاری بکردایە، باسی دوو شتی دەکرد: یەکەم: هەریەکێك خیانەت لە کەسێکی تر بکات لە ماڵی یان نەفسی یان خێزانی؛ ئەوا ئیمانی کامڵ نییە. دووەم: ئەو کەسەی خیانەت دەکات لە پەیمان وبەڵێنەکان ودەیانشکێنێت؛ ئایندارى کامڵ نییە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/66251